# پیاوێک بە لای لقە دارێکدا تێپەڕ بوو لەسەر ڕێگایەک، ووتی: واللە ئەمە لادەدەم (لەسەر ڕێگای) مسوڵمانان بۆئەوەی ئازاریان نەدات، بۆیە کرایە نێو بەهەشتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاوێکم بینی دەگەڕا (لە نێو خۆشیەکانی) بەهەشتدا بەهۆی ئەوەی دارێکی بڕی بووەوە لەسەر ڕێگایەک کە ئازاری مسوڵمانانی دەدا». ولە گێرانەوەیەکدا: «پیاوێک بە لای لقە دارێکدا تێپەڕ بوو لەسەر ڕێگایەک، ووتی: واللە ئەمە لادەدەم (لەسەر ڕێگای) مسوڵمانان بۆئەوەی ئازاریان نەدات، بۆیە کرایە نێو بەهەشتەوە». ولە گێرانەوەیەکدا: «کاتێک پیاوێک بەسەر ڕێگایەکدا ڕێی دەکرد؛ لقێک (داری) دڕکی بینی لەسەر ڕێگاکەدا، لەسەر ڕێگاکە لایدا؛ بۆیە خوای گەورە سوپاسی کرد ولێی خۆشبوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێرانەوەی خۆی - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی دەگەڕا لە نێو خۆشیەکانی بەهەشتدا بەهۆی ئەوەی دارێکی بڕی بووەوە لەسەر ڕێگایەک کە ئازاری مسوڵمانانی دەدا، وخودا لێی خۆش بوو بەهۆی ئەوەی لقی دارێکی لەسەر ڕێگای مسوڵمانان لابرد، ئەگەر ئەم لقە دارە ئازاردەرە لە سەرەوە بێت نەهێڵێت خۆیان یان سواریەکانیان بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن، یان لەسەر ڕێگاکە بێت نەهێڵێت خۆیان یان سواریەکەیان بە ئاسانی بەسەر ڕێگاکەدا بێن وبڕۆن، پیاوەکە ئەم دارەی لابرد ونەیهێشت لەسەر ڕێگاکە، بۆیە خوای گەورە سوپاسی کرد لەسەر ئەم کردەوەیە وکردیە نێو بەهەشتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6469